سەماحەتی حەکیم پێشوازی لە شاندێکی شێخ و پیاوە دیارەکانی ئیمارەتی بەنی حەسنی بەڕێز کرد

بەڕێز عەمار حەکیم سەرۆکی ئەنجوومەنی حیکمەی نیشتمانی پێشوازی لە شاندێکی شێخ و پیاوە دیارەکانی ئیمارەتی بەنی حەسەنی بەڕێز کرد، کە لەپێش هەموویان بەڕێز ئەلئەمیر حسێن عەلی ئال محەمەد ئەلحەسناوی بوو، لەم دیدارە باس لە پێشهاتە سیاسی و کۆمەڵایەتی لە عێراق و ڕۆڵی هێزەکان لە دیمەنی عێراقی بەشێوەیەکی گشتی ، هەروەها دووپات کرایەوە کە هێزەکانی عێراق یەکەکن لە کۆکەکانی کۆمەڵگای عێراقی و ستایشی ئامادەبوونی شێخی هێزەکانی لەنێو دەستەڵاتی تەنفیزی و تەشریعی کرد.

سەماحەتی حەکیم داوای کرد پالپشتی کەرتی کشتوکاڵ لە وڵات بکرێت و دووپاتی کردەوە کە گرنگە کشتوکاڵ بایەخی پێ بدرێت بە ئەوەی سەرچاوەکانی داهات فرە بکرێت، هەروەها بە ئەمنی خەراکی و گرنگیش پاڵپشتی جوتیاران بکرێت لەڕێگای پێدانی سەماد و سووتەمەنی و زوو پارەیان پێ بدرێت وەك پێشینە دابنرێت هاوشێوەی مووچەی فەرمانبەران.
سەماحەتی داوای کرد ئەنجوومەنی خزمەتگوزاری و گەشەپێدان کە حکومەت پلانی بە داناوە پالپشتی بکرێت و ڕوونی کردەوە کە خزمەتگوزاری ئەنجامی گەورەی هەیە بە تەکەڵە بوونی هاوڵاتی لەگەڵ سیستەکی سیاسیدا.